هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

ژمـــارە : ١٩٦٦
No :

ڕێکەوت : ١ / گەلاوێژ / ٢٧١٠ ی کوردی
Date: ٢٠١٠ / ٨ / ٢٧

# بڕیــار

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە٢١ لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٩ و ڕاپۆرتی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی ژمارە٣٩٩٠ لە بەرواری٢٠١٠/٤/٢٠ دەربارەی چاوخشاندنەوە بە منحەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ، کە بەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ و بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ئیدارەی سلێمانی (پێشوو) ژمارە ٢٩٧ لە ساڵی ١٩٩٩ مۆڵەتیان وەرگرتووە ، بڕیارماندا:

**یەکەم: سەبارەت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان:**

١. وەستاندنی پێدانی مۆڵەت بە ڕێکخراوی نوێ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠.

٢. مینحەیەکی یەکسان بۆ سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی کە مۆڵەتیان هەیە و تائێستا مینحە وەردەگرن دیاری بکرێت بەبێ جیاوازی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. کرێی بینای بارەگای ڕێکخراو بەمەرجێک لە بڕی (١) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و بەپێی گرێبەستی بەکرێدانی پەسەندکراو لە لایەن دادنووس.

ب. بڕی ٥٠٠پێنج سەد هەزار دینار بۆ خەرجییەکانی ئاو کارەبا و کارمەند و خزمەت گوزار و ...هتد.

ج. بڕی ١ یەک ملیۆن دینار بۆ مەبەستی چالاکی ڕێکخراوەکان مانگانە خەرج دەکرێت و دەبێت بەپێی پسولە پاکتاو بکرێت و بگەڕێندرێتەوە ئەو شوێنەی پارەکەی لێوەردەگیرێت.

٣. دەستەی دامەزرێنەر و کارگێڕی بەخۆبەخشانە و بێ بەرامبەر کاردەکەن.

٤. خاڵی ٢ ی سەرەوە ئەو ڕێکخراوانەش دەگرێتەوە کە مۆڵەتی یاساییان وەرگرتووە و داوای منحەیان لە وەزارەتی دارایی وئابووری کراوە بەڵام تا ئێستا ڕەزامەندی نەدراوە.

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+